- **الفصل الاول ( التعريف بالبحث )( ناساندن بە توێژینەوە)**

1. **مشكلة البحث (كێشەی توێژینەوەی): لێردا توێژەر هەولی ئەوە دەدات کە كێشەکە روون بکاتەوە وە لەبەر چی هەستا بەم ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە واتا چ هۆكاريك وای لێ كرد كە هەستێ بەم لێكۆلینەوە ، (نەبوونی توێژینەوەیێك لەم بوارەدا یاخود نەبوونی پێوەرێك بۆ پێوانەی ئەم چەمکە...) ئەمانە دەکری ببنە هۆکاری ئەنجامدانی توێژەر بۆ ئەم لێکۆلینەوە ..**
2. **اهمية البحث ( گرنگی توێژینەوە) : لێرەدا توێژەر هول دەدا باسی لایەنە گرنگەکانی توێژینەوەکەی بکا ئەوەیش بە دەرخستنی گرنگی ئەو چەمکانەی کەوا توێژینەوەیان لەسەر دەکات وهەروەها بەبەلگەی دیاری کراوی ئەنجامی هەندێك توێژینەوەی کە کراوە لە م بوارەدا دەربارەی ئەو چەمکانە .**
3. **اهداف البحث** ئامانجەكاني **توێژینەوەکەت باس دەکەی بە شێوەی خال**
4. حدود البحث ( **سنووری تویچژینەوەکەت دیاری دەکەی سەبارەت بە کۆمەلگای توێژینەوەکەت و سالی ئەنجامدانی توێژینەوەکە**
5. **تحديد مصطلحات البحث(دیاری کردنی چەمکەکان) واتا چەمکەکانی کە لە ناو نیشانی توێژینەوەکەدا هەیە دەبیت دیاریان بکەی بەوەی پێناسەیان بکەی لە رووی زمانەوانی وزانستیەوە ، وە لێرەدا دەبێت ئەگەر هاتوو توێژەر پێوەری چ تویچژەرێکی بەکار هێناوە بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری دەربارەی چەمکێك لە چەمکەکان دەبێت دیاری بکات کەوا پێناسەی هەر ئەو توێژەر شی بە خۆیە وە گرتۆتە بەر کەوا پێوەرەکی ئەوی بەکار هێناوە بۆ نموونە ئەگەر بێت توێژەر پێوەری (استبیانی) (المشیخی،2009) بەکار هێنا بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری دەربارەی چەمکی (قلق المستقبل) لە توێژینەوەکەیدا دەبێت پێناسەی (المشیخی ، 2009) بنووسێتەوە وە ئاماژە بەوە بکات کەوا پێناسەی (المشیخی ، 2009) بە خۆیەوە گرتووە لەم توێژینەودا ، بە بەکارهێنانی**

**پێوەرێك لە توێژینەوەیێكدا دەبێت حەتمەن پێناســەی دانەری پێوەرەكەش بەكار بهێنین ، وەهەر وەها دەبێت رێز بەندی پێناسەی زانستی چەمكەكان بكرێن لە سالە كۆنەكان بۆ سالە نوێیەكان .**

- **<u>الفصل الثاني ( إطار نظري ودراسات سابقة )( چوار چێوەی تیۆری وتوێژینەوەكانی پێشوو)</u>**

1. إطار نظري ( النظريات والادبيات السابقة المتعلقة بمصطلحات البحث)**لێرەدا هەر چەمكێك كەوا لە ناونیشانی توێژینەوەكەدا هەیە دەبیت توێژەر لە رەگەوە باسی بكات وواتای روون بكاتەوە ولایەنەكانی دیاری بكات ودەری بخات وباسی ئەم تیۆرە بكات كەوا پەیوەندی بە ئەصلی چەمكەكەو واتا و شی كردنەوەی چەمكەكە لە لایەنی زانسیەوە بە پێی رای زانایان**

2. **دراســـات ســـابقة ( دراســـات متعلقة بمصـــطلحات البحث او قريبة منها ) لیرەدا دەبێت چـــەند توێژینەوەیێكی پێشـــوو باس بكات دەربارەی چـــەمكەكانی كەوا توێژینەوەیان لەســـەر دەكات واتا ئەو چـەمكانەی كەوا لە ناونیشـانی توێژینەوەكەدا هەن بۆ هەر چـەمكێك دەبیت باسـی چـەند توێژینەوەییك بكات بە بیی بوونی تویچژینەوە دەربارەیان ئەوەی شایانی باسە دەبیت تویچژینەوەكان رێزبەندی بكرێن لە كۆنەوە بۆ نوێ**

3. **المقارنة بين الدراسات السابقة والبحث الحالي من حيث :واتا بەراوورد لە نێوان توێژینەوەكانی پێشوو وتوێژینەوەی ئیستا لەمانەدا :**

**أ. الهدف( ئامانجي توێذینـەوة)واتا دەبێت ئامانجی هەر توێژینەوەییك بنوســـین وســـالەكەی وئینجا بلیین ئامانجی ئامانجی توێژینەوەی ئیستاش**

Dr. Shawbo Sh. Sulayman

**ب. نوع العينة وحجمها** ( جۆری نموونەوە وقەبارەی) واتا سامپلەکە لە چی چینێك پێك هاتبوون وژمارەیان چەند بوو

**ج. الادوات المســـــتخدمة لجمع المعلومات** ( ئەو ئامرازانەی کە بەکار هاتوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری)ئایا ئامرازی ( استبیانی حازریان بەکار هێناوە یاخود خۆیان دروستیان کردوە ولە چەند برگە بێك هاتبوو ..

**د. الوســائل الاحصــائية لتحليل البيانات** (ئامرازی ئاماری کە بە کار هاتوە بۆ شــی کردنەوەی داتاکانی هەر توێژینەوەییك لە توێژینەوەکان بۆ گەیشتن بە ئەنجام بە پیێ ئامانجەکانی هەر تویچژینەوەیێك

**هـ. النتائج** ( ئەنجامەکانی توێژینەوەکان بە کوورتی ) وە ئاماژە بکریت بۆ ئەوەی کە توێژینەوەی ئیســـــتا هێشتا نەگەیشتوە بە ئەنجام بەلکو ئەنجامەکانی دیار دەکەوێت لە بەشی خستنە رووی ئەنجامەکان و شی کردنەوەیان ( فصل عرض النتائج وتفسيرها )

Dr. Shawbo Sh. Sulayman

- **<u>الفصل الثالث ( إجراءات البحث ) کرداری توێژینەوە یاخود هەنگاوەکانی توێژینەوە:</u>**

1. **تحدید مجتمع البحث** : توصیف مجتمع البحث بالتفصیل في جدول خاص )دەبێت لیرەدا خشتەییك دیاری بکریت بۆ گشـــــت کۆمەلگای توێژینەوەکە بە ووردی وبە رێك وپێکی وئاماژە بکرێت بۆ ئەو نوســــراوەی کە توێژەر بردویەتی بۆ لایەنی پێویســـت بە مەبەســـتی ئاســـانکاری ئەنجامدانی ئەم کارە ( ملحق رقم ) . دەبیت بزانین گرنگی دیاری کردنی کۆمەلگای توێژینەوە بۆ ئەوەیە دەبێت ســـامپلیکی نوینەر هەلبژیرین بۆ کۆمەلگا بۆ ئەوەی بتوانین گشتاندن بکەین بۆ ئەنجامەکانی توێژینەوە بە رادەیێکی پەسەند

2. **<u>اختيار عينة البحث</u>** ( واتا چۆنیەتی هەلبژاردنی سامپلەکانی توێژینەوە ( سامپلی جیگیری و سامپلی بنەرەتی کەوا زانیاریان لی وەردەگرین دەربارەی لیکۆلینەوەکە)وە دیاری کردنی ســـامپلەکان ژمارەی تاکەکەســـەکان

**وشـوینیان وپۆلیان بۆ ئەم مەبەسـتەش دەبێت بە خشـتە دیاری بکریت وبخرێتە روو ، وەهەر وەها دەبێت ئەو ریگایانە باس بکریت کەوا توێژەر بەکاری هێناوە بۆ هەلبژاردنی سامپلەکان ( ریگای هەرەمەکی سادە – ریگای هەرەمەکی تەبەقی - ریگای هێشـــوویی – ریگای هەرەمەکی رێك وپێك ) وە هەروەها دیاری کردنی ژمارەی کورەکان وکجەکان بە پیێ ئامانجی توێژینەوەکە**

3. **<u>اداة البحث</u> :**(اذا اســتخدم الباحث مقياس او اداه باحث اخر فيجب عليه ذكر اســم الباحث معد المقياس وســنة البحث ) الاشــارة الى الصــورة الاولية للمقياس في الملحق رقم ( ) ) عند عرضـــها على المحكمين .
4. **<u>التحقق من صداق اداة البحث</u> دەبێت باسی چۆنیەتی ئەنجامدانی کردارەکان زانستیانە بکرێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە ودەبێت ئاماژە بۆ چــۆنیەتی دەرهینانی راســتی ئامرازی کۆ کردنەوەی زانیاری بکرێت** ( طرق استخراج معاملات الصدق لاداة البحث ( الاشارة الى قائمة المحكمين في الملحق رقم ( ) )
5. **<u>التحقق من ثبات اداة البحث</u> . دەبيت ليرەدا باســـی چــۆنیەتی دەرهینانی جێگیری ( ثبات) ئامرازی کۆ کردنەوەی زانیاری بکریت وبەهاکەی چەند بوو**
6. **<u>وصـف اداة البحث بصـورتها النهائية وكيفية تصـحيحها</u> لێرەدا دەبيت چـۆنیەتی دانانی نمرە بکرێت بۆ برگەکانی اسـتبیانەکە ودیاری کردنی برگەکانی (ایجابی وسـلبی وچـۆنیەتی دابەش کردنی نمرە بە سـەریان )** الملحق رقم ( ) )
7. **<u>تطبيق المقياس</u>** (ذكر التاريخ وكيفية التطبيق ) **واتا جی بە جی کردنی اســـتباینەکە یاخود ئامرازی کۆ کردنی زانیاری لەسەر سامپلی توێژینەوەکە دەبێت باس بکرێت وبەروارەکەشی بنوسریت ودیاری بکریت ماوەی چەند رۆژی خایاند**
8. **<u>الوسائل الاحصائية المستخدمة من بداية اجراءات البحث الى نهاية فصل النتائج وكيفية التوصل الى النتائج</u> واتا دەبێت لیرەدا ئاماژە بەو ئامرازە ئاماریانە بکرێت کەوا توێژەر هەر لە سەرەتای دەست بە ئەنجامدانی**

Dr.Shawbo Sh. Sulayman

**تویژینەوەکە کردووە هەتا دەگات بە ئامانج دەبێت ئاماژەیان پێ بکات بۆ چۆنیەتی دەرهێنانی راستی (الصدق) چۆنیەتی دەرهێنانی جێگیری ( الثبات ) وهەر ئامانجێك لە ئامانجەکان چی ئامرازیکی ئاماری پێویست بوو بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئامانجەکە لە بەشی خستنە رووی ئەنجامەکان وشی کردنەوەیان**

1. **<u>الفصـــل الرابع ( عرض النتائج وتفســيرها ):</u> لە م بەشـــەدا دەبێت ئەنجامەکان بخەینە روو بە پێی رێزبەندی ئامانجەکانی تویچـــژینەوە کە لە بەشـــی یەکەمدا لە تویچـــژینەوەکەدا دیاری کراوە ..بۆ هەر ئامانجێك دەبێت خشـتەییێکی تایبەت بکرێت وداتا پێویسـتەکانی تیدا دیاری بکریت بۆ ئەوەی بزۆر بە روونی وبابەتیانە ئەنجامەکان بخرینە روو .وە هەر وەها دەبێت هەر ئەنجامێك شـــی کردنەوەی مەنگقی بۆ بکریت لە لایەن توێژەر واتا دەبێت روونی بکاتەوە بە پیی بۆ چونی زانستی بۆ ئەم ئەنجامە دەرکەوتوە لە توێژینەوەکەدا .ولیرەدا دەبێت هەر ئەنجامێك بەراوورد بکرێت لەگەل ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشـــوو لە رووی لەیەك چـــونیان یاخود جیاوازیان لەگەل یەکتر ئەگەر هەبوو**

2. **<u>الفصـل الخامس راسـپاردە وپێشـنیار( التوصـیات والمقترحات ):</u> لەم بەشـەدا لە توێژینەو دەبێت بەپیی ئەو ئەنجامانەی کە بۆمان دەرکەوت هەندێك راسـپاردە وپێشـنیار بخەینە روو وەك تەواو کەری توێژینەوەکە ، چـونکە توێژینەوە کاریکی زانســـتیە وە هەر کەســـێك توێژەر بێت دەبێت لەو خالەوە دەســـت پێ بکات کە توێژەرەکانی تر گەیشتونە پێی بە مەبەستی زیاتر سوود وەرگرتن لە توێژینەوە ی زانستی بۆ مرۆڤایەتیی لە گشت بوارەکاندا وکات بە فیرو نەدان ، ودەتوانین بلیین کەوا راسپاردە تایبەتە بە هەندێك خال کەوا چارەسەری کێشەکە دەکات بە پیێ ئەو ئەنجامانەی بۆمان دەرکەوتوە لە توێژینەوەکەدا ، بەلام پێشـــنیار تایبەتە بە چـــەند خالیك کەوا تایبەتە بە تەواو**

Dr.Shawbo Sh. Sulayman

**کەری ئەم توێژینەوە ئەویش بە لێکۆلینەوە ی زیاتر دەربارەی چــەمکەکانی توێژینەوە وە بەســتنیان بە گۆراوی تر بە مەبەستی فراوانی ئاستی زانیاری وفراوانی زانین دەربارەی چەمکەکانی توێژینەوە...**

3. **<u>المراجع سـەرچـاوە زانسـتیەکان</u> ( المراجع العربية ، المراجع الاجنبية ) لیسـتی سـەرچـاوەکان : واتا لیرەدا دەبێت لیسـتێك بکرێت ئاماژە بە هەموو ئەو سـەرچـاوانە بکرێت (فەرهەنگەکان ، کتێب ، گۆڤاری زانسـتی ، نامەی مسـاتەر یاخود دکتورا...هتد)کەوا بەکار هاتوون لە توێژینەوەکەدا وە بە شـــیوەییکی تەواو واتا دەبیت ئەمانەی تیدا دیاری بکریت وەکو شێوەی خوارەش بنوسرێنەوە :**

4. **بنوسرێنەوە :**

1. **<u>ئەگەر کتیبەکە بۆ یەك دانەر بێت ئەوا بەم شـێوەی خوارەوە دەنوسـرێتەوە لە لیسـتی سـەرچـاوەکانی توێژینەوە :</u>**

**ناوی کۆتایی دانەر ، ناوی یەکەمی دانەر و ناوی دووەمی ( سـالی چـاپ کردنی کتێبەکە) : <u>ناونیشـانی کتێبەکە</u> ، ژمارەی چاپ ، ناوی دەولەت : ناوی چابخانە.**

**<u>بۆ نموونە</u>**

- ابو علام ، رجاء محمود (1987) : <u>**قياس وتقويم التحصـيل الدراسـي**</u> ، ط1 ، الكويت : دار القلم للنشر والتوزيع .

❖ **<u>ئەگەر کتیبەکە بۆ دوو دانەر بێت ئەوا بەم شێوەی خوارەوە دەنوسرێتەوە لە لیستی سەرچاوەکانی توێژینەوە :</u>**

❖ **ناوی کۆتایی دانەری یەکەم ، ناوی دانەر ی یەکەم و ناوی دووەمی وناوی کۆتایی دانەری دووەم ، ناوەی دانەری دووەم وناوی دووەمی ( سالی چاپ کردنی کتێبەکە) : <u>ناونیشانی کتێبەکە</u> ، ژمارەی چاپ ، ناوی دەولەت : ناوی چابخانە**

Dr.Shawbo Sh. Sulayman

**بۆ نموونە :**

- الصمادي ،عبد الله و الدرابيع ، ماهر (2004) : **القياس والتقويم النفسي والتربوي بين النظرية والتطبيق** ، ط1 ، عمان : دار وائل للنشر والتوزيع .

❖ **ئەگەر كتيبەكە بۆ سێ دانەر بێت ئەوا بەم شێوەی خوارەوە دەنوسرێتەوە لە ليستی سەرچاوەكانی توێژينەوە :**

- **ناوی سێيەمی دانەری يەكەم ، ناوی دانەر ی يەكەم و ناوی دووەمی و وناوی كۆتايی دانەری دووەم ، ناوەی دانەری دووەم وناوی دووەمی ، ناوی كۆتايی دانەری سێيەم ، ناوی دانەری سێيەم وناوی دوەمی ( سالی چاپ كردنی كتێبەكە) : ناونيشانی كتێبەكە ، ژمارەی چاپ ، ناوی دەولەت : ناوی چابخانە**

**بۆ نموونة :**

- الشرقاوي ، انور محمد و الشيخ ، سليمان وكاظم ، امينة محمد وعبد السلام ، نادية (1996) : **اتجاهات معاصرة في القياس والتقويم النفسي والتربوي** ، القاهرة ، مكتبة الانجلو المصرية .

**چەند تێبينيكی گرنگ:-**

1. **لە ژێر ناونيشانی سەرچاوەكە خەتێك رادەكێشين وناونيشانەكە بە خەتێكی تۆخ دياری دەكەين بەلام ئەگەر هاتوو سەرچاوەكە لە گۆڤارێكی زانستی بلاو كرابيتەوە ئەوا خەتێك لە ژێر ناوی گۆڤارەكە دەكێشين وناوی گۆڤارەكە بە خەتێكی تۆخ دياری دەكەين وە ژمارەی بەرگ وژمارەی دەرچـــوونی گۆڤارەكە وە (ص ص ) دياری دەكەين كەوا ئاماژەيە بۆ ئەوەی ئەم توێژينەوە لەم گۆڤارە بلاو كراوەتە لە لاپەرەی ( س) تاوەكو لا**

Dr. Shawbo Sh. Sulayman

**پەرەی (د) ، واتا دەبێت گشت زانیاریەکان دیاری بکەین چونکە لەم حالەتەدا گۆڤارەکە بە سەرچاوەی سەرەکی دادەندرێت .وەکو نموونەی خوارەوە :**

**القيسي ، هند ( 1986): دراسة ظاهرة الضعف في الرياضيات ، *مجلة رسالة المعلم* ، الاردن ، المجلد (27) ، العدد (2) ، ص ص (65 – 72 )**

**1- ئەگەر هاتوو دوو سەرچاوە بەکار هێنرا لە توێژینەوەیێکد هەردووکشیان بۆ یەك دانەر بوون ئەوا لە لیستی سەرچاوەکان ڕێزبەندی سەرچاوەکانی ئەم دانەرە دەکرێت بە پێی سالەکان ، واتا ئەو سەرچاوەی کۆنترە لە پێش سەرچاوە نوێ یەکەی دەنوسرێتەوە وەك نموونەی خوارەوە :**

**ابو علام ، رجاء محمود (2004): *مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية* ، ط4 ، القاهرة : دار النشر للجامعات**

**______________(2007): *اساسيات البحث العلمي* ، القاهرة : دار الفكر العربي للنشر والتوزيع**

**2- ئەو توێژینەوانەی کە لە ناو سایتی ئینتەرنێت بلاو دەرکرێنەو بە هەمان شێواز دەچەسپێندرێن بەلام لە لیستی سەرچاوەکان دەبێت ئاماژە بۆ ناونیشانی سایتەکە بکرێت .**

**وەکو نموونەی خوارەوە :**

**عودة ، احمد سليمان (1990): مدى التوافق بين نموذج راش والمؤشرات التقليدية في اختيار فقرات مقياس سباعي التدريج، *مجلة كلية التربية* ، جامعة الامارات المتحدة ، العدد (32) ، المجلد (1) ، ص ص (153 – 179 ( (www.alnaif.com)**

**3- لە ناو توێژینەوەدا ( في متن البحث) ئەم زانیاریانەی خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێت سەبارەت بە زانیاری سەرچاوەکان :-**

Dr.Shawbo Sh. Sulayman

**(ناوی کۆتایی دانه ر ، سالی چاپی سەرچاوەکە : ژمارەی لاپەرەکە ).**

**4- بەلام لە لیستی سەرچاوەکان ئەم زانیاریانەی خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێت سەبارەت بە سەرچاوەکە**

**ناوی کۆتایی دانەر ، ناوی دانەر وناوی دووەمی (سالی چاپ کردنی سەرچاوەکە) : ناونیشانی سەرچاوەکە ، ژمارەی چاپ ، ناوی دەولەت : ناوی چاپنامە**

**5- لە کاتی نوسینەوەی سەرچاوەکان لە لیستی سەرچاوەکان نابیت لە ژیر ناوی سێیەمی دانەر هیچ بنوسریت بەلکو چەند سپەیسێك بکرێت ، ئینجا تەواکەری زانیاریەکانی سەرچاوەکە بنوسرێتەوە ، ئەمەش بە مەبەستی ئاسانکاری وتێکەل نەبوونی سەرچاوەکان لە لیستەکە .**

**تێبینی : بەهەمان شێواز سەرچاوە <u>بیانیەکان ( المصادر الاجنبیه)</u> ئاماژەیان بۆ دەکرێت لە کاتی چەسپاندنیان لەناو توێژینەوە وهەر وەها ولە لیستی سەرچاوەکانی توێژینەوە**

5. **<u>الملاحق</u> پاشکۆکان : لێرەدا دەبێت توێژەر هەر کردارێکی کردوە دەبێت لیرە بیخاتە روو وەك :**

- **ناوی ئەو شارەزایانەی کەوا سودی لە بیرو رایانی وەرگرتوە بۆ ئامرازی کۆ کردنەوەی زانیاری واتە دەرهێنانی گونجاوی برگەکانی مقیاسەکە یاخود استبیانەکە ی کە بەکاری هیناوە یاخود دروستی کردوە .**
- **وهەر وەها استبیانەکان بە شێوەی یەکەمی ( الاستباین بصورتها الاولیه ) واتا پێش دەستکاری کردنی لە لایەن شارەزاو موحەکیمەکانەوە**
- **واستباینەکان بە دوایین شیوە دوای دەستکاری کردن و چاکسازی بۆ برگەکانی لە لایەن شارەزاو وموحەکیمەکانەوە وەتا بە شیوەی کە دابەشی کردوە بەسەر تاکەکەسەکانی سامپلەکە کوتا جار**

Dr. Shawbo Sh. Sulayman

❖ – وەهەر وەها نوسراوی ئاسانکاری بۆ شوینی تایبەت بە ئەنجامدانی تویژینەوەکە


ئەوەی شایەنی باسە ئەمانە هەمووی ئاماژەیان بۆ دەکریت لە بەشی کرداری تویژینەوە (اجراءات البحث) واتا وەرزی کرداری تویژینەوە ولەوی ژمارەیان پێ دەدرێت بە پیی رێزبەندیان لە کردارەکان هەنگاو بە هەنگاو .

## پەیوەندی نێوان وەرزەکان وبەشەکانی توێژینەوە

دەبیت ئەوە بزانین هەموو بەشـــەکانی تویژینەوە و وەرزەکانی پەیوەندییکی بەهیزیان پیکەوە هەیە چـونکە هەر بەشـیك لەبەشـەکانی وە هەر وەرزیك لە وەرزەکانی تویژینەوە پیوەندیان هەیە بە لەروی ئەوەی کە هەمویان لە کیشـەییکی دەســتنیشــان کراو دەکولنەوە بەلام هەر وەرزیك تایبەتە بە لایەنیکی ئەم کیشـەیە ، لەگەل ئەمەشـدا دەتوانین پەیوەندی نیوان وەرزەکان و بەشـەکان روون بکەینەوە وەك لە وینەی ( 1) وە هەروەها شییان بکەینەوە وەك لە خشتەی (

Dr.Shawbo Sh. Sulayman

**لەم وینەی خوارەوەدا پەیوەندی راستەو خۆی هەندیك لە بەشەكان و وەرزەكانی توێژینەوەمان بۆ دیاری دەكرێت .**




وێنەی ( ]
هێلكاری بەشەكان و وەرزەكانی توێژینەوە وپەیوەندی نێوانیان    الشكل من تصميم د.شەوبۆ شمس الدین سلیمان

**خشتەی ( 1)**

**روون كردنەوەی پەیوەندی نیوان وەرزەكانی تویژینەوە**

| بەشەكان و وەرزەكانی توێژینەوە كە پەیوەندی راستەو خۆیان هەیە بە یەكەوە | خالی پەیوەندی |
|---|---|
| **وەرزی (1) – وەرزی (2)** | **لەوەرزی (1) پیناسەی چەمكەكانی تویژینەوە دەكەین وە لەوەرزی (2) باسی هەموو ئەو تیور راو و بۆچونی زانایان دەكەین كەوا لەسەر ئەم چەمكە خراوەتە روو وەهەروەها هەندیك لە تویژینەوەكانی پیشو لەسەر چەمكەكان دەخەینە روو بەوەی بگونجیت لەگەل ئامانجی تویژینەوەكە** |

| بەشەکان و وەرزەکانی توێژینەوە کە پەیوەندی راستەو خۆیان هەیە بە یەکەوە | خالی پەیوەندی |
|---|---|
| وەرزی (1) – وەرزی (4) | دەبێت ئەنجامەکان لە وەرزی چوارەم ریز بەند بکرێن و بخرێنە روو وەك چۆن ریز بەند کراون لە وەرزی یەکەم لە ناوەرۆکی بابەتی ئامانجەکانی توێژینەوە |
| وەرزی (2)– وەرزی (4) | لە وەرزی چوارەمدا ( وەرزی خستنە رووی ئەنجامەکان وشی کردنەوەیان ) دوای ئەوەی هەر ئەنجامیك لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەخرێتە روو دوای شی کردنەوەی ئەنجامەکە دەبیت بەراوورد بکرێت لەگەل ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو لە وەرزی (2) لەحالەتێك ئەگەر هاتوو ئامانجی توێژینەوەێك یان زیاتر لە توێژینەوەکانی پێشوو لەگەل توێژینەوەی ئیستادا یەکتر بگرنەوە یاخود لە یەکتر بچن .وە یاخود بە پیچەوانەی یەك بن . |
| وەرزی (3) – باشکۆکان | هەر کردارێك لەکردارەکانی توێژینەوەی کە توێژەر پێی هەلدەستێت دەبێت ئاماژەی پێ بکات لە وەرزی سێیەمدا ( وەرزی کرادارەکانی توێژینەوە – فصل اجراءات البحث) وە دەبێت بیان کات بە باشکو وریزبەندیان بو بکات لە باشکوکان بە بیی کردارەکانی کە جی بەجیی کردوە لە فصلی (3) کردارەکانیش وەك ئەمەی خوارەوەن:<br>1. لیستی ناوی شارەزایان<br>2. ئامرازی کۆ کردنەوەی زانیاری بە شێوەی یەکەمی ( الاستبيان بصورتها الاوليه )<br>3. ئامرازی کۆ کردنەوەی زانیاری بە شێوەی کۆتایی( الاستبيان بصورتها النهائيه ) دوای دەرهێنانی راستی بۆ ئامرازەکە و بەم |

Dr. Shawbo Sh. Sulayman

| بەشەکان و وەرزەکانی توێژینەوە کە پەیوەندی راستەو خۆیان هەیە بە یەکەوە | خالی پەیوەندی |
|---|---|
| | شیوەییەی کە دابەشی کردوە بەسەر سامپلی تویزینەوەکە(تاکە کەسەکانی کە نمونەی تویزینەوەن<br>4. نوسراوی ئاسانکاری بۆ توێژەر بۆ دام و دەزگاکانی کەوا توێژینەوەی لەسەر کردوە .<br>5. هەر بەلگە نامەیێك هەبێت کە پەیوەندی بە کردارەکانی توێژینەوە کە هەبێت |
| وەرزی (4) – وەرزی (5) | لە وەرزی پێنجەمداکە تایبەتە بە پێشنیار و راسپاردە ( التوصیات و المقترحات) دا دەبێت لە رۆشنایی وەرزی (4) ( وەرزی خستنە رووی ئەنجامەکان و شی کردنەوەیان)دا بێت ، واتا دەبێت پێشنیار وراسپاردە بکریت لەژیر رۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا وپەیوەندی مەنتقی هەبیت لە نێوان ئەنجامەکان وپێشنیار وراسپاردەکاندا لە توێژینەوەیێکدا |

Dr.Shawbo Sh. Sulayman